# **ویستم پەنجەکانم**



لانە ئاسۆ

ویستم پەنجەکانم

بەتاڵە قژەکانتدا

ئاویزان کەم

ویستم لەناو دڵۆپەی

پێکی خۆشەویستیتدا

دەستنوێژ بگرم

لەگەڵ ڕۆحی تۆی پەریدا

سەرچۆپی بۆ عیشق بگرم

خۆم بەهەموو جەستەی

پڕ لەحەزت بئاڵێنم

باوەشی ئەوینت بۆ بکەمەوە

لەسەر پەنجەکانما حەزم کۆبۆتەوە

لەسەر پێلووی چاوەکانما

جێگای ئەوینم بۆت ڕاخستووە

دەمەوێت حەز و ئەوینت

ڕەنگا و ڕەنگ بێت

سوور.... یاخود زەرد یان پەمەیی

سپیش جوانە

هەموو شێت و سەرگردانی

تامی ئاوی نێو دەمی تۆن

چێژیان بەرێ

رەنگەکانم  لەئەوینت تێر کە

ڕەنگینەکەم